## جەمال محەمەد:

# پێویستە هەموو كارێكی هونەری مەبەستێكی هەبێت بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت

**لە ساڵی ١٩٧٩ وەك كۆرالێك تیپی هونەری دهۆك دامەزرا، یەكەم سەرۆكی تیپەكە هونەرمەند (دڵشاد محەمەد سەعید) بوو، لە ساڵی ١٩٨١ ناو و ستایلی تیپەكە گۆڕانكاری بەسەرداهات و بوو بە(تیپی موزیكی دهۆك) ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٨٤ مامۆستا دڵشاد بە مەبەستی خوێندن رووی لە دەرەوەی وڵات كرد، بەڵام تیپەكە بەردەوام بوو لە كارەكانی و لەو ماوەیەدا چەندین كاری هونەری ئەنجام دا وەك بەشداری كردن لە فیستیڤاڵە هونەرییەكانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق و تۆمار كردنی بەرهەمی چەندین هونەرمەندی دەڤەرەكە كە بۆ ئەو كات كارێكی ئاسان نەبوو، گرنگترین دەستكەوتیش كە لەو كات بەدەست هاتبێت ئەوەیە كە تیپەكە بوو بە شوێنێك كە هونەرمەندانی دەڤەرەكە رووی تێبكەن و خۆیان تێدا بدۆزنەوە و ئەو توانا و بەهرە هونەرییەی هەیانە لە رێگای ئەم تیپەوە نیشانی بدەن. دواتر مامۆستا(جەمال محەمەد ئەدیب) كە یەكێكە لە موزیكژەنە ناودارەكانی كوردستان بە گشتی و دەڤەرەكە بەتایبەتی بوو بە سەرۆكی تیپ و ئێستاش بەردەوامە و لە هەمان كاتدا چالاكییەكانی تیپەكەش بەبێ وەستان بەردەوامن.**

سەبارەت بە چوونی بۆ تیپی دهۆك و بوونی بە سەرۆكی تیپەكە مامۆستا جەمال دەڵێ:

لە ساڵی ١٩٧٩ من پەیوەندیم بە تیپی كۆراڵی دهۆكەوە كرد وەك ژەنیاری عود و صۆلی گیتار، بەڵام دواتر بۆ درێژەپێدان بە خوێندن ناچار بووم لە تیپەكە دوور بكەومەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ ئەندامی تیپەكە بووم.

دواتر لە ساڵی ١٩٨١ تیپی دهۆك ناوی گۆڕا بۆ تیپی موزیكی دهۆك و ئەم جارە لەسەر داوای هونەرمەند دڵشاد محەمەد سەعید پەیوەندیم بە تیپەكەوە كرد و هەرچەندە من پێشتر ژەنیاری عود بووم، بەڵام لەسەر داوای ئەو كەمانم ژەنی و لە ماوەیەكی زۆر كورتدا فێری ژەنینی بووم.

سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وەك سەرۆكی تیپی دهۆك، مامۆستا جەمال دەڵێ: ساڵی ١٩٨٤ مامۆستا دڵشاد رووی لە دەرەوەی وڵات كرد بە مەبەستی خوێندن ومامۆستا جەمیل ئیبراهیم بوو بە سەرۆكی تیپ،لە ساڵی ١٩٨٩ەوە تا ئێستا من سەرپەرشتی تیپی دهۆك دەكەم، ساڵی ١٩٨٨و دوای ئەوەی بەرهەمی هونەرمەند تەحسین تەهامان تەواو كرد بۆ ماوەیەك كارەكانی تیپەكەمان راگیرا و ئامێر و كەلوپەلەكانیش رەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری كرانەوە، بەڵام دواتر مامۆستا (جەمیل ئیبراهیم) كە بەڕێوەبەری رۆشنبیریی دهۆك بوو هەوڵێكی زۆری دا بۆ ئەوەی بارەگایەك بۆ تیپ دابین بكات و ئامێرەكانیشمانی گەڕاندەوە، دواتر هونەرمەندی خوا لێخۆشبوو عەبدوڵا زێڕین ستۆدیۆیەكی بۆ ئێمە دروستكرد.

دەربارەی كەمیی كارەكانیان كە ساڵانە لە چەند بەرهەمێك تێپەڕ ناكات مامۆستا جەمال ئاماژە بەوە دەكات بە لای ئەوانەوە ژمارەی كارەكان گرنگ نییە بە قەد ئەوەی ئاستی كارەكە و قبوڵ كردنی لای جەماوەر گرنگە و هەر كارێك ئەنجام بدەین سەرەتا لێكۆڵینەوەی باشی بۆ دەكەین و تا دڵنیا بین لە چۆنیەتیی ئەنجامی نادەین، واتە چۆنیەتیمان پێ باشترە لە چەندایەتی، بەڵام كاری باشیش كات و ماندووبوونی زۆری دەوێ هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە بەرهەممان كەم بێت، بێگومان ئێمەش وەكو تیپ رەنگە زۆر گرفت و ئاستەنگمان دێتە پێش، بەڵام بە هەوڵی هەموو لایەك و بە دڵسۆزیی ئێمە بۆ هونەرەكەمان بەسەریدا زاڵ دەبین، لە هەمان كاتدا كەسانێكی زۆر هەن كە بە هەموو شێوەیەك هاوكاریمان دەكەن كە بە پێویستی دەزانم لێرەوە زۆر زۆر سوپاسیان بكەم و هەوڵ دەدەن تیپی موزیكی دهۆك بە زیندوویی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە كارەكانی.

مامۆستا جەمال ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە پێشتر ژمارەیەكی زۆر لە كچانی هونەرمەند لەگەڵ تیپ بەردەوام بوون، بەڵام دواتر هەندێكیان دووركەوتنەوە لە تیپ و زۆربەی ئەوانەی كە لە تیپەكە دووركەوتنەوە هۆكارەكەی ئەوە بوو كە راپەڕاندنی ئەركی ماڵ و خێزان و كاری هونەری بۆ ئەوان لە یەك كاتدا

زەحمەت بوو بۆیە بە ناچاری وازیان هێنا، مامۆستا جەمال تیپەکە لە ئاستێکی باش دەزانێت، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پێویستە خەڵك باس لە بەرزی و نزمی ئاستی تیپەکە بکەن، چونکە ئەو کارانەی پێشکەشی دەکەین بۆ جەماوەرە ئامانجی ئێمە لە رێگای رازی کردنی جەماوەرەوە پێشکەش کردنی هونەرێکی رەسەنی کوردی و پاراستنی ئەو رەسەنایەتییەیە کە هونەرەکەمان پێی ناسراوە بەتایبەتی لە ئێستادا کە جیهان بچووك بووەتەوە و چەندین جۆری ستایل و هونەری نوێ خەریکە لە کوردستان زۆر دەبێت و پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی ئەرکێکی پیرۆزە و کەوتووەتە سەر شانی ئێمە.

بە حوکمی کاری بەردەوامی و شارەزایی لە ستایلە هونەرییەکان و تایبەتمەندێتیی هەر هونەرمەندێك و گرنگی ستایل لەسەر رێڕەوی هونەرمەند، مامۆستا جەمال دەڵێ: گرنگ بەر لە ئەنجامدانی کارێك ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت و بۆ چ مەبەستێك ئەنجام دەدرێت، بێگومان کارێکی زۆر باشە ئەگەر هەر هونەرمەندێك ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە ئەمەش دەبێتە ناسنامەی هونەرمەندەکە و هەمیشە لەلای خەڵك پێی دەناسرێتەوە، بەڵام پێویستە لە سەر هونەرمەند ماوە ماوە پێداچوونەوەیەکی کارە هونەرییەکانی خۆی بکات و خۆی لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێنێت لە رووی ئاواز و تێکست، بە مەرجێك گۆڕینی ستایل کاریگەری لەسەر میلۆدی و ناسنامەی



کوردی نەبێت، لە هەمان کاتدا لە نێو ستایل و ئاواز و تێکستە نوێیەکانیدا بتوانێت تام و هەستی کوردەواری بپارێزێت، بۆیە لە هەڵبژاردندا جا لەریتم یان موزیك و ئاواز و دابەشکردنی بەشێوەیەك بەرفراوان بێت و هەوڵ بدات زۆر دەستکاری موزیکەکەی نەکات، مامۆستا جەمال ئاماژە بەوەش دەکات کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردی زۆر شتی باش پێشکەش دەکرێت کە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام کەموکوڕیش هەیە و زۆر گۆرانی هەیە کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ستایل وموزیك و گۆرانی کوردییەوە نییە و بەداخەوە بەردەوام لە میدیاکان پەخش دەکرێن.

سەبارەت بە بوونی شێوازی رۆژئاوایی وەك پۆپ و راپ دەڵێ: بەداخەوە ئێمەی کورد رێبازی هونەری خۆمان کە زۆر دەوڵەمەندە لە بیر کردووە و ئەوەندەی خەریکی پێشکەش کردنی بەرهەمی بیانی و تەقلید کردنی هونەری ئەوانین ئەوەندە خەریکی پێشخستنی هونەری خۆمان نین کە ئەگەر بەراورد بکرێت لە زۆر رووەوە هونەری ئێمە دەوڵەمەندترە لە هونەری زۆر لەو گەل ونەتەوانە کە هونەرمەندانی ئێمە خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە، هەروەها هیوادارم کەناڵە کوردییەکانیش زیاتر گرنگی بە کاری هونەری رەسەنی کوردی بدەن و هەوڵی پاراستنی هونەر و کەلتووری بدەن بە هەموو جۆرەکانییەوە.



# ماجیدە ئەلرومی: شانازی بە رەگەزنامەی لوبنانییەوە دەکەم

ماوەیەك بەر لە ئێستا خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ماجیدە ئەلرومی ئاهەنگێکی گۆرانی لە وڵاتی بەحرێن ساز کرد و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، بەڵام دوای ئاهەنگەکە و گەڕانەوەی بۆ لوبنان دووچاری رەخنەیەکی زۆر بۆوە گوایە پشتگیری لە رژێمی بەحرێن دەکات بەتایبەتی دوای رووداوەکانی ئەم وڵاتە.

یەکێك لەو رەخنانەی ئاراستەی ماجیدە کرایەوە ئەوەبوو کە بە نهێنی داوای رەگەزنامەی بەحرێنی کردووە، ماجیدە بە توندی ئەمەی رەتکردەوە و لە راگەیەندراوێکدا وتی: من رێزم بۆ گەلی بەحرێن و سەرکردایەتییەکەی هەیە، بەداخەوە زۆر سەرچاوە هەیە تەنیا هەوڵ دەدەن راستییەکان بشێوێنن و بە شێوەیەکی نا دروست باسی بکەن وەك بەشێك لە هەڵمەتێك کە دژی من لە ئارادایە و پێشتریش زۆر لە هونەرمەندان رووبەڕووی بوونەتەوە، ماجیدە زیاتر وتی: مێژووی من شایەدی ئەوەم بۆ دەدات کە بە درێژایی تەمەنی هونەریم تەنیا و تەنیا پشتگیریم لە مافە رەواکانی گەلان کردووە و پاڵپشتێکی بەهێزی داواکاری ئازادی و دادپەروەری و رێزگرتن لە ئایینەکان و رووبەڕووبوونەوەی زوڵم و زۆرداری بووم، سەبارەت بە داواکاری وەرگرتنی رەگەزنامەی بەحرێنیش وتی: من شانازییەکی زۆر بە رەگەزنامەی لوبنانی خۆمەوە دەکەم و ئامادە نیم بە هیچ رەگەزنامەیەکی دیکەی بگۆڕمەوە، لە هەمان کاتدا رێزم هەیە بۆ گەلی بەحرێن.

# شەڕی ئۆسکار گەرم بووە



ساڵانە بەر لە راگەیاندنی براوەکانی خەڵاتی ئۆسکار بە ماوەیەك، ناوی پاڵێوراوان رادەگەیەنرێت ئەمەش رکابەریی نێوان ئەستێرەکان زیاد دەکات، چونکە هەموو ئەستێرەکانی هۆلیود هەمیشە خەون بەوەوە دەبینن رۆژێك لە رۆژان براوەی ئەم خەڵاتە بن و ناویان بچێتە نێو مێژووی گەورەترین و بەناوبانگترین خەڵاتی هونەری سینەماییەوە. ئەم ساڵ پاڵێوراوان بوونەتە دوو گرووپ یەکیان پشتگیریی لە جۆلیا رۆبێرتس دەکات کە بە خاوەنی جوانترین زەردەخەنە ناسراوە لە جیهان و یەکێکە لە پاڵێوراوە بەهێزەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری یاریدەدەر، گروپێکی دیکەش کە پشتگیرییەکی بەهێزی جنیڤەر لۆرانس دەکات کە پار خەڵاتی باشترین ئەکتەری بەدەست هێنا، بەڵام ئەوەی ترسی لە لای هەردوو گرووپەکە دروستکردووە ئەوەیە کە ئەستێرەی سینەمایی کینی لۆبیتا نیۆنگۆ کە پێشتر پلیتی پاڵاوتنی گۆڵدن گلۆبی بەدەست هێناوە، خەڵاتی ئۆسکار لەدەست جۆلیا و جنیڤەر دەربهێنێت.

لۆبیتا پاڵەوانی فیلمی (١٢ ساڵ لە کۆیلایەتی)یە کە بۆ زۆربەی خەڵاتەکان پاڵێوراوە ئەگەری بەدەستێهنانی خەڵاتەکەی زۆرە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئۆپیرا وینڤریی لە پاڵاوتن دوورخرایەوە، ئەگەرچی جۆلیا رۆبێرتسی پاڵەوانی فیلمی (ئۆگەست هەرێمی ئوشاگ) هەڵمەتێکی راگەیاندنی زۆر بەهێزی دەستپێکردووە، لە بەرامبەردا جنیڤەر لۆرانسیش کە لە پلەی دووەمی پاڵاوتنەکانی گۆلدن گلۆب هات، هەڵمەتێکی بەهێزی دەستپێکردووە و خۆی بە شایستەی ئەم خەڵاتە دەزانێت، جنیڤەر زۆر ترسی لە جۆلیا و لە سوپرایزێکی لۆبیتای کینی نییە، بەڵام ترسی گەورەی لە دوو دڵیی لیژنەی ئۆسکار هەیە لەوەی کە دوو ساڵ لەسەر یەکتر خەڵاتەکە بە یەك ئەکتەر نەبەخشن، چونکە پێشتر پێنج جار میریل ستریت بەو هۆیەوە لە خەڵاتەکە بێبەش کراوە، پاش چەند رۆژێکی دیکە ئەم بابەتە یەکلایی دەبێتەوە و هەرچەندە پاڵێوراوان تا رادەیەك دیاریکراون، بەڵام تا رۆژی کۆتایی کەس نازانی کێ دەبێتە هەڵگری ئۆسکاری ٢٠١٣.

# موهەننەد ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات



سەرەڕای سەرکەوتنەکانی کیڤانج تاتلیتۆی کە ناسراو بە موهەننەد لەو زنجیرە تەلەفزیۆنانەی بەشداریی تێدا کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی ببێتە خاوەنی زۆرترین جەماوەر لە تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤یشدا توانی ژمارەیەکی نوێ بەدەست بهێنێت. بەر لە ماوەیەك کەناڵی (ستار)ی تورکی بەڵێنی بە بینەرانی دابوو کە نوێترین زنجیرەی کیڤانج نمایش بکات لە سەرەتای مانگی ئاداری داهاتوو، لە ئاهەنگی سەری ساڵدا کەناڵەکە چەند دیمەنێکی زنجیرەکەی نمایش کرد لە کاتی سەما کردنی لەگەڵ خانمە ئەستێرەی تورکی فەرح زەینەبی ناسراو بە (ئیلین) کە هاوشانی کیڤانج پاڵەوانی زنجیرەکەیە، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لە ساتەکانی سەرەتای نمایش کردنی دیمەنەکانی زنجیرەکە نزیکەی ٥ ملیۆن و ٦٠٠ بینەری هەبووە ئەمە جگە لە ملیۆنان کەسی دیکە کە دیمەنەکانیان لەسەر یوتیۆب بینی، ئەمەش نیشانەیەکی بەهێزی سەرکەوتنی زنجیرەکەیە بەر لە نمایش کردنی. پێویستە بگوترێت زنجیرەکە بە ناوی (کۆرت سی و شۆری)یە و بڕیار وایە لە مانگی ئاداری داهاتوودا نمایش بکرێت.

# کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی

## ماڵە باوان - ١ -

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

## ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

ئەم کۆمەڵەیە لە رۆژی (١٩٦٩/١٢/٣١) بە فەرمی رێگای کارکردنی پێدراوە و لە (١٩٧٠/٨/٢)دا، بە نووسراوی ژمارە(٨١٦٩)ی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق، بە کۆمەڵێکی سوودبەخشی گشتی دانراوە.

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، بۆ ئەو کۆمەڵەی هونەرە جوانانەی جارانی سلێمانی دەگەڕێتەوە، کە ساڵی (١٩٥٦) لە سەر دەستی دەستەیەك لە رۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەو دەمەدا هاتبووە ئاراوە، کە پاش ئەوەی لە هاوینی هەمان ساڵدا بە دەست پێشخەریی مامۆستا(رەفیق چالاك) شانۆیی (پیسکەی تەڕ پیر) یان پێشکەشکرد، کە لە شانۆی(سەگەنەریل) کە بە عەرەبی ناونرابوو(البنجیل) و، هەردوو هونەرمەند(رەفیق چالاك و نوری وەشتی، بە کوردییان کردبوو، لە سەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بۆ ماوەی چەند شەوێك نمایشکراو و سەرکەوتنێکی جەماوەری ئەوتۆی بەخۆیەوە دییوو، کە پێشتر روونەبینرابوو، بۆیە ئەم کارە بووە مایەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی پێکهێنانی ئەو کۆمەڵەیە، هونەرمەندان(رەفیق چالاك، نوری وەشتی، قادر دیلان، ولیەم یۆحەننا، نەجات عەبدە، رەئوف یەحیا، جەمال بەختیار، هادی عەنبەر....) گەلێك هونەرمەندی دیکە، وەك کاکە نەجات عەبدەی هونەرمەند ئاماژەی پێدەکات، لەسەردانێکی خوالێخۆشبوو(سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆی ئەو سەردەمە دەچێتە دیداری و داوایەکەیان دەخەنە روو و ئەویش گفتی پشتگیریی لێکردنیان دەداتێ، بووە یەکەم کۆمەڵەی هونەریی رێگا پێدراو و لە مێژووی هونەریی نەتەوەیی کوردا.

پاش بەرپابوونی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول چرای هونەر لە کوردستاندا لەلایەن رژێمەوە خامۆشکراو ساڵی (١٩٦٣) کۆتایی پێ هات، کەواتە زۆربەی ئەوانەی بیریان لە پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی کردەوە ئەوانەبوون، بەرابەرایەتی کاکە(نوری وەشتی)، داینەمۆی هەڵسوڕێنەری ئەو پرۆژەیە.

رۆژێکی هاوینی ساڵی (١٩٦٩) بوو، کاکە(قادر نوری) کە جگە لەوەی برادەرم بوو خزمیشم بوو، داوای لێکردم، ئەو پاش نیوەرۆیە، لە بارەگای ژووری بازرگانیی سلێمانی، کە لەسەر شەقامی مەولەوی بوو، ئەو شوێنەی پاشان بوو بە نووسینگەی خوالێی خۆشبێت پزیشك(عەبدولقادر شاڵی)، یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندن بوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پارێزەر(محەمەد سدیق مەحمود) بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئەو شوێنەبوو، جگە لەوەی داڕشتنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەکە، پتر لەلایەن ئەوەوە داڕێژرابوو،هەر چۆن شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا هەبوو، بەشداریی دانیشتنەکەم کرد، بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك خۆم لە مشتومڕ و گفتوگۆیەکان هەڵقورتێنم، هەموان بەرێزەوە پێشوازییان لێکردم، لەو بەرێزانەی کە بەشداربوون، ئەوەی لە زەیندا نەسڕاونەتەوە ئەمانەبوون: نوری وەشتی، محەمەد سدیق مەحمود، عەبدولقادر نوری، جیهان عومەر، مەحمود زێوەر، رەئوف یەحیا، تەها خەلیل، هەر لەو دانیشتنەدا، داوای بەشداریی خۆم لە ئایندەی کۆمەڵەکەدا لێکردم.

ئەوەبوو پاشان لە هەمان ساڵدا مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا، هەر لە پشووی هاوینی ئەو ساڵەدا دەستم بە چالاکیی شانۆیی لە ناو کۆمەڵەدا کرد.

سەرەتا بە چەند کورتە شانۆییەکی وەرگێڕاو و وەرگیراو دەستم پێکرد، کە زۆربەیان لەلایەن خۆمەوە کرابوون، هەر لە سەرەتای کارکردنەوە، ژمارەیەك لە قوتابییانی هونەر، چ زانکۆی بەغداد، جگە لە دەستەیەك لە بەهرەمەندانی شاری سلێمانی، لە تەك کارکردنیاندا زۆر دزێوە دیاردەم دەبینی، سەرەتا میراتی لە رۆژانی پێشوەوە بۆیان مابوویەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی پێشوەوە، کە دەبوو لە تەك پێشکەشکردنی شانۆییەکەدا، گۆرانی و مۆسیقا و شایی و هەڵپەڕکێ و شیعر خوێندنەوە و قسەی نەستەق و گاڵتە و گەپ و زۆرجاری واش هەبوو، خوالێخوشبوو(مەلا فایەق) یشیان بانگهێشت دەکرد کۆمەڵێ یاریی جادوو گەرانە و سەر سوڕهێنەر بنوێنێ، ئەمەیان لەلایەك،کە لە سەر شانۆ دەبوویە رۆژی حەشر و رۆمەلغەزایەك هەر مەپرسە، لەلایەکی دیکەوە بینەرانی، ناو هۆڵەکە دابەش دەکرا بە ڕیزەکانی پێشەوە بۆ ئەشراف و مەشراف.. گۆرانیی لێدان هەموو جۆر بەتایبەت گۆرانیی(دیلان) و (چالاك) کە بەهیچ شێوەیەك ئەو مەقامانە لەگەڵ کەشی بۆنەکەدا نەدەگوونجان، بینەران زۆربەیان وەك بۆ حەوتە حەمامی

سەرەتا میراتی لە رۆژانی پێشووەوە بۆیان مابوویەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی پێشووەوە، کە دەبوو لە تەک پێشکەشکردنی شانۆییەکەدا، گۆرانی و مۆسیقا و شایی و هەڵپەڕکێ و شیعر خوێندنەوە و قسەی نەستەق و گاڵتە و گەپ و زۆرجاری واش هەبوو

خەڵکی لە گەرمەی نمایشدا دەچوونە دەرێ و زرم دەرگای هۆڵەکە دەدرا بەیەکدا، دەرگاکەش لە پلێتی ئاسن دروست کرابوو، بۆ ئەوەی باشتر زرمەی لێ هەستێ.



جاران، یان سەیرانی (کانی با) و (قۆرییەشکاو) و (سەر وەیس) هاتبن، هەر خێزانە و هەر کەسە بەپێی حەز و بێوزی خۆراك و برێشکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، لە تەرە سازەوە بیگرە بۆ باسوق و سجوق و قەزوانی سوێر و .. سەرەڕای جگەرە کێشانی بێ و چان دەبووە چرە دوکەڵێك، هەر وەك لەبەردەم توونی حەمامەکەی سوورەتدا دانیشتنبیت، با ئەوەش لەو لاوە بوەستێ کە بۆ هەر بەرهەمە، یان ئاهەنگە (حانووت) کەیان بەکرێ دەدا، ئیدی لە کاتی نواندن و ئاهەنگەکەدا، شیر و شەکرە، تا نەیخۆیت نازانی چییە، ئەو دەڵەمە بە دۆشاوی ترێوە، ئادەی قاورمەی نۆك، رەحەتە للوقمی شرووبی بە چۆرەکەوە، ئەوە ناوساجی گەرم، ناو تاوەی کوردی، وەرنەوە بۆ سۆدە و سیفۆن، چلووریە گوڵاڵە....

جاران فێری ئەوە نەبووبوون، بێدەنگی و هێمنیی هۆڵەکە بپارێزن، بۆیە ناو بەناو، لە بڵند گۆوە هاوار دەکرا..

دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ، ئەمەش هەر بۆ مێژوو: خەڵکی لە گەرمەی نمایشدا دەچوونە دەرێ و زرم دەرگای هۆڵەکە دەدرا بەیەکدا، دەرگاکەش لە پلێتی ئاسن دروست کرابوو، بۆ ئەوەی باشتر زرمەی لێ هەستێ.

منێك لەگەڵ شانۆی پێشکەوتووەکانی بەغداد و ئامۆژگاری ئەو مامۆستایانەم گوشکرابووم، کە شانۆ بە تەنیا بۆخۆی هونەر و باڵاترین رووی ژیاوە و پیرۆزیی خۆی هەیە، کەواتە دەبێ لێرەوە دەست پێبکەم ئەمە یەکەمین و گرنگترین ئەرکمە.